# ئایا تەنها ڕەگەز ( جنس) ی نێرینە ومێینەی شاعیر یان خودی دەقە شیعرییەکە ، هاندەری هەڵسەنگاندن و ڕاڤە کردنی دەقی هۆنراوەیەکە ؟

**ڕزگار گوڵەباخ**

سەرنج : بەکارهێنانی ووشەی ( خانم ) ، لەباتی ئافرەت ، ژن و خوشک ، بۆ خۆ لادانە لە لایەندارکردنی نووسەری ئەم بابەتە ،بەلایەنێکی دیاریکراو.هاوکات خانمی شاعیر و خانمی هۆنراوە نووس لە نووسینەکەدا دەکەونە بەرچاو ، چونکە مەرج نییە، کە هەر هۆنراوە هۆنەرەوەیەک شاعیر بێت، بەڵکە دەکرێت بە هۆنراوە نووس ناوببرێت. بابەتەکە هێرش نییە بۆ سەر هیچ کەسێک، بەڵکە تەنها سەرنج ڕاکێشانێکە.

**شیعر زۆر جار چاوی تر و زمانی ترمان دەداتێ ، جیا لەو چاو و زمانەی دەقێکی تری نووسین دەمانداتێ. دەکرێت شیعر ببێتە خوڵقاندن و هەستی تازە، وە هووشیاری تازە بدات. دیدی تازە بە هەندێک کێشەی جەوهەری ببەخشێت و بەشیوازێکی تر بیخاتە بەرچاو. مانای قووڵ، مانای جیاواز و تەفسیری جیاواز بدات. دەشێت ڕاچڵەکاندن درووست بکات ، کە هەڵوێستە لەسەر وەرگرتنی بوێت. هاندان و گیانی بەرگری لە ساتی جیاوازدا دروست بکات، هاوکات هەست وسۆزی ئەوین گەشە پێبدات و بەرگی تازە لەبەر ئەوین بکات. سەرباری ئەوانە دەکرێت ئامۆژگاری بدات . ئەنجا هەرکاتێک هۆنراوە هۆنەرەوەیەک توانی بەشێکی ئەو ئامانجانەی شیعر بەرجەستە بکات ، ئەوا دەکرێت ئەو هۆنەرەوەیە بە شاعیر ناوببرێت ، ئەگینا دەبێتە هۆنراوەنووس ، کە تەنها گرێیەکی ناخی ساتەوەختی، یان کێشەیەکی خۆی بەیان دەکات و چیتر نا. بۆیە منیش لەم نووسینەدا هەردوو ووشەی شاعیر و هۆنراوەنووس بەکاردەهێنم.**

**بە ڕای من لەدنیای ئەدەبدا، ساتەوەختی زۆر و بۆر بوونی بەرهەمی ئەدەبی ،لە بەرچاونەگرتنی پرنسیپەکای نووسین وتێر نەکردنی خواستی خوێنەر، ساتەوەختێکی ترسناکە و ئەگەری دوورکەوتنەوە وچێژ وەرنەگرتن لە دەقی ئەدەبی درووست دەکات. لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی ئینتەرنێت وگلۆبالیزەبوونی جیهانی پەیوەندییەکان، چەند ماڵپەڕیکی کوردیی سەریان هەڵدا، کە ئەوە بۆ خۆی دەرگای لە ڕووی کەسانێکی زۆردا والا کرد، تاوەکو نووسین ، ڕەخنە، سەرنج و تەنانەت شیعرەکانیشیان بڵاوبکەنەوە. من لێرەدا دەمەوێت لەسەر دنیای شیعر نووسین بدوێم.**
**ئەو دیاردەی سەرهەڵدانی شێعر نووسین و بڵاوکردنەوەیەی لە سەر ڕووپەلی ماڵپەڕەکان ، بەتایبەتی لەلایەن خانمانەوە، ئیشکالیەتێکی درووست کرد، کە خانم و پیاوانی بەسەر دوو گرووپدا دابەش کرد. گرووپی پیاوان کە خۆیان کردە پاسەوانی گرووپی خانمان، کە هەوڵی پاراستن ، پشتگیری کردن ، هاندان و گەورەکردنی گرووپی خانمانیان دا. ئەو پاسەوان کردن و پشتگیری کردنە، ڕەنگە شیعر نووسینی لای خانمان بەرەو قۆناخی بونبەست بردبێت. دیارە زۆر جار پشتگیری کردنی کوێرانە، بە پۆزەتیڤ ناشکێتەوە. من لەگەڵ ئەوەدام کە سەرهەڵدانی خانمان لە بواری شیعر نووسیندا تەنها لە سەر بنەمای موجامەلە و پشتگیری کردنی کوێرانەی پیاوان نەبێت، تەنها بە بیانووی ئەوەی مادام خانمێک دەنووسێت، ئەوا دەبێت پشتگیری لێبکریت و هان بدرێت، چونکە ئەوە بۆ خۆی دەبێتە ڤایرۆسێکی پیاوانەی کوشندە بۆ خانمان و ڕۆڵی خۆیان و توانای**

ڕاستەقینەی خۆیان دە كوژێت. لێرەدا دەكرێت بپرسین كە ئاخۆ سەرهەڵدانی خانمانی شاعیر و هۆنراوەنووس، لەقەیرانی كەم توانایی پیاوانی شاعیر و هۆنراوەنووسەوە ، یاخود لە بەرزكردنەوەی درووشمی ( ئێمەیش هەین ) ەوە سەری هەڵدا؟ .

هەر لەگەڵ ئەو دیاردەی سەرهەڵدانی پیاوان و خانمانی شاعیر لە سەر ڕووپەلی ماڵپەڕەكان، دیاردەی ڕاڤە كردن و هەڵسەنگاندنی دەقی شیعری خانمان، تەنها لەلایەن پیاوانەوە سەری هەڵدا. هەموو ئەوانەی من خوێندوومنەتەوە، تەنها وەسف كردنن. لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ، كە ئاخۆ دەقێكی شیعری خانمێك نەبووە، كە بكەوێتە بەر ڕەخنە،یان هەڵسەنگاندنەكە تەنها لە رووی موجامەلەوەیە؟. بۆ وەلامی ئەو پرسیارە، من لێرە دا دوو نموونە دێنمەوە. لەسەر دوو هۆنراوەی خاتوو كەژاڵ ئیبراهیم خدر، بۆ پاكیزەكانی ئەنفال و بۆ یەكی شوبات، بابەتێكم نووسینی بەناوی ( ئافرەت و ئیسلام لە دوو هۆنراوەی خاتوو كەژاڵدا ) ، بێگومان نووسینەكەم ڕەخنە ئامێز بوو. ئەو نووسینەم لە سەر ڕوپەلی یەكێك لە ڕۆژنامە بەربڵاوەكانی كوردستان كە لە سلێمانی دەردەچێت، بڵاو كرایەوە، بەڵام بێ وێستی من دەستكاری كرابوو، وە هەمووی وەك پاڵپشتییەك بۆ خاتوو كەژال خرابووە بەرچاو، لە كاتێكدا نووسینەكەی من زیاتر ڕەخنە ئامێز بوو. ئەوە ئەوەیە كە دەمەوێت بیڵێم، كە پیاوان دەیانەوێت، تەنها موجامەلەی خانمان بكەن، بەوەی كە ئەوان خانمن و نابێت ڕەخنەیان لێبگیرێت و هەر دەبێت وەسفیان بكرێت، كە ئەوە بۆ خۆی بە ڕای من بۆچوونێكی كووشندەیە. چەند خانمێكی شاعیری هاوڕێم هەن ، كە زۆرجاران زۆر بە ڕاشكاوانە قسە لەگەڵ یەك دەكەین، هەندێكیان دەڵێن، ئەوەندەمان ئیمەیلی پشتگیری و دەست خۆشكەری بۆ دێت، خۆشمان سەرمان سوڕ دەمێنێت. من خۆم چەندین جار سەرنج و ڕەنگە ڕەخنەشم بۆ زۆر خانم ناردبێت، چونكە نەم ویستووە موجامەلەی هۆنراوەیەك بكەم، كە لای من شوێنی سەرنج بووبێت،وە سەرنج و ڕەخنەكەم لای زۆربەیان پەسەندكراون.

ماكیاج كردنی بێهێزی دەقێكی شیعری یان ڕاڤەكردن و هەڵسەنگاندنی دەقێكی شیعری و پیاهەڵدانێكی زیاد لە پێویست پیایدا، بەو مەبەستەی كە خودی شاعیر خۆی نەینوسیوە، لە خزمەتی دنیای شیعر بە تایبەتی لای خانمان نییە. دەبێت واز لەو درووشمە بهێنین، كە ئێمەی پیاو ، نابێت هیچ ڕەخنەیەك لە خانمێكی شاعیر بگرین، بەڵكە هەر دەبێت وەسفیان بكەین، وە پشتگیرییان بكەین و هانیان بدەین. ئەوە لای من لەكەم كردنەوەی بەهای خانمانە، وە زیندوو كردنەوەی درووشی ( ئەوانە زەعیفەن ) ە. دەبێت ئەو درووشمە لە گۆڕ بنرێت . ئێمە كە باس لە یەكسانی دەكەین، كەوا بوو با لە هەموو لایەنێكدا یەكسان بین.كەوابوو دەبێت، لە دنیای نووسین و ئەدەبدا پشت بكەینە موجامەلە كردن. وەسف كردن و ڕاڤە كردنی دەقێكی شیعری وە پیا هەڵدانی ، تەنها لەبەر ئەوەی نووسەرەكەی خانمێكە،وا دەكەن، كە خانمی شاعیر دنیا بە ڕوونی نەبینێت، وەك ئەوەی كە خۆی دەیەوێت بیبینێت، بەڵكە دنیایەكی تەمو مژاوی و لە خۆبایی بوونی تیا دروست بكات. ئەو جۆرە وەسف كردنانە ، دەبنە هۆكاری دروست كردنی قارەمانی وەهمی. هەوڵدانی وەسف كردن و ڕاڤەكردنی دەقێكی شیعری تەنها لەبەر ئەوەی خانمێك نووسیویەتی، چاوپۆشینە لەو ڕاستیانەی كە لەدەقێكی شیعری هاو ڕەگەزی نێرینەی خۆیدا هەیە. لەم ماوانەی دواییدا چەند جارێك ڕاڤەكردنم، تەنها لەسەر هۆنراوەی خانمان بەر چاو كەوتووە، لە كاتێكدا هاوكات لەسەر هەمان بابەت هۆنراوەی تری پیاوان بەر چاوكوتوون، كە پێویستیان بە هەڵوێست لەسەر وەرگرتن و ڕاڤە كردنەوە هەبووە. هەندێك جار ڕاڤە كردنی وام خوێندۆتەوە، لەسەر دەقێكی خانمێك، كە

ڕەنگە خانمەکە، خۆی لە ناخیدا ئەو مەبەستانەی نەبووبێت، کە کاکی موجامەلەکەر بۆی دەپێکێت و جەوهەرەکانی بۆ دەردەخات. ئەو جۆرە ڕاڤە کردنانە، جگە لە سووڕانەوە لە ناو بەزنەیەکی وەهمی گەورەکردندا، چیتر نین. ئەوەی لای من سەرنج ڕاکێشە، ئەوەیە، تا ئێستا لەسەر هیچ هۆنراوەیەکی خانمێک، من دێڕێک ڕەخنەم نەخوێندۆتەوە، تۆ بڵێی خانمان، ئەوەندە جوان بنووسن، یان پیاوانن کە تەنها موجامەلە کردن دەزانن؟ ئەوە پرسیارە و وەلامەکی لای پیاوان و خانمانە.

ئاخۆ ڕاڤەکردن و دەرخستنی لایە جوانەکانی دەقێکی هۆنراوەی خانمێک، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە :

1 / تەنها ناوی خانمێک لە خوارەوەی هۆنراوەکە نووسراوە ؟

2 / دەقەکە پێویستی بە ڕاڤە کردن هەیە ؟

3 / ئەوەندە مانای قووڵ و جوان لە دەقەکەدا خۆی حەشار داوە، تاوەکو خوێنەرانی تریش لەو جوانی مانا شاراوانە بێبەش نەبن ؟

4 / دەقێکی کاکی شاعیر ڕاڤە نەکرێت، تاوەکو ناو دەرنەکات و نەبێتە کۆنکورێنس( منافس ) بۆ کاکەکانی تر.

5 / قاڵبی بەزەییە ، پیادە کردنی درووشمی ( زەعیفە ) یی و ، تەنیا هاندانە.

ئەوەی تا ئێستا بەرچاوی من نەکەوتووە( کە ڕەنگە هەبێت )، ئەوەیە، کە خانمێکی نووسەر یان شاعیر نەهاتووە دەقێکی پیاوێکی شاعیر ڕاڤە بکات و هەڵی بسەنگێنێت، لە کاتێکدا کە زۆربەی هۆنراوەی پیاوان وەسفی خانم ، ئەوینی خانمانە. من پێم خۆش بوو جارێکیش دیدی خانمانم لە سەر هۆنراوەیەکی پیاوان بەرچاوبکەوتایە. ئەوە نەبووە، یان زۆر زۆر کەمە لەبەر ئەوەی :

تائێستا هیچ دەقێکی پیاو لە ئاستی ئەوەدا نەبووە، کە خانمێک لەسەر بنووسێت، یان ئاخۆ هیچ دەقێک هێندە مانای شاراوەی تیا نەبووە، یان ئاخۆ هێج پیاوێک لەو ئاستەدا نەبووە، تا دەقەکەی ڕاڤە بکرێت؟ . من حەزم دەکرد جارێک خانمێک ، لە دیدی خانمانەی خۆیەوە، یان لە دیدێکی خانمانەوە دەقێکی پیاوێکی شاعیری هەڵبەسنگاندایە، تا بمانزانیایە، ئەوان چۆن دەڕواننە ڕای پیاوان لەسەر خانم و ئەوین. تا لەدیدی خانمێکەوە بمانزایایە، کە ئاخۆ خانمان هەموو ئەو وەسفانە دێنن کە پیاوان دەیانکەن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە ئاخۆ پیاوان دەیانەوێت مۆنۆپۆلی ڕاڤە کردن و هەڵسەنگاندنی شیعر بکەن، یان کەمتەرخەمییەکە لەلای خانمانەوەیە، کە خۆیان لە قەرەی ئەوە نادەن؟. ئاخۆ خانمانی شاعیر و هۆنراوەنووس، ئەو دەست بەشانا دان و دەست خۆشی لێکردنە کوێرانەیەی پیاوانیان پێ خۆشە، وە ئەوەیە وا دەکات کە پیاوان بەو لۆجیکە کاربکەن ؟جائەگەر وەڵام بەڵی بێت، ئەوا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە هەندێک لەو ڕاڤە کردنانە ی دەقی هۆنراوەی خانمان لە جێی خۆیاندانین و تەنها موجامەلە ن و چیتر نین.

کەسانێک هەن شەرعییەت دەدەن بەوەی دەست خۆشی لەهەر بەرهەمێکی ئەدەبی، بەتایبەتی شیعری بکەن، کە خانمێک بینووسێت.

زۆر جاران پشتگیری کردنی پیاوان بۆ خانمان لە سەر ئاستی ڕۆژنامەکانیش هەستیان پێ دەکرێت ، چونکە کەسانێک یان بەرەیەک لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا هەن ، کە ستوونی تایبەت بە خانمان دەبەخشن . پشتگیری لە تەوای نووسینەکانیان کە هەموو بوارەکاندا دەکرێت، ئیتر ئەو خانمانە

لەسەر هەر بابەتێک بنووسن، ئەوا بۆیان بڵاو دەکرێنەوە. چەند خانمێکی شاعیر پێیان ووتم ، کە پەیوەندییان پێوەکراوە، تاوەکو هۆنراوەکانیان بنێرن بۆیان، تاوەکو لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بۆیان بڵاوبکەنەوە، ئەمە لەکتێکدا ڕەنگە دەیان کوڕی شاعیر تامەزرۆی ئەوەبن ، کە جارێک لەجاران هۆنراوەیەکیان لەسەر ڕووپەلی ڕۆژنامەیەکدا ببینن. ئەو جۆرە پەیوەندی کردنە بە خانمانەوە یەک ڕاستی دەسەلمێنێت، کە هەر خانمێک پشتگیری کوێرانی لێدەکریت، وە بەرهەمەکەی بۆ هەڵسەنگاندن شایەنی بڵاوکردنەوەیە. ئەوە ئەو ڤایرۆسەیە کە باسی دەکەم، کە لە لایەن پیاوانەوە دەخرێتە نێو جیهانی ئەدەب و نووسینەوە، وە زۆر جاران نووسین و شیعر بەرەو بونبەست دەبات ، چونکە والا کردنی دەرگا لەبەر دەم بەرهەمەکاندا، پەیوەندی بە ناوەڕۆکی دەقەکەوە نییە، بە قەد ئەوەندەی بە ناوی مێینیەی نووسەرەکەیەوە پەیوەندیدارە.

با بپرسین، کە ئاخۆ جوانی ، هێزی دەقێکی شیعری لە سەر بنەمای ڕەگەز ( جنس) ی شاعیرەکەی ، یان لەسەر بنەمای ناوداریی شاعیرەکە لە گۆڕەپاندا، دیاری دەکرێت؟. من نامەوێت قسە لەسەر کەمینە بکەم، کە لە هەموو بوارێکدا هەن ، سەرکەوتوون و ناویان هەیە، بەڵکە من دەمەوێت قسە لەسەر زۆرینە و ڕۆڵی وان و کارتێکردنیان لەسەر دنیای شیعر بکەم.
دواجار هیوادارم کە دەرگام لەسەر بابەتێک خستبێتە سەر پشت، کە تا ئێستا بە هەند وەرنەگیراوە. ئەو باسەم کەمکردنەوەی بەهای نووسینی خانمان نییە ، بەقەد ئەوەی ڕەخنە گرتنە لە پیاوان، کە واز لە موجامەلەی خانمان بێنن ، بە وبیانووەی با بێنە گۆڕەپانەکەوە، وە هەوڵی دروست کردنی گیانی قارەمانی وەهمی لای خانمان کەم بکەنەوە و هەوڵ بدەن کە نووسین و هەڵوێستی خانمانیش بخەنە بەر چاویلکەی ڕەخنەوە، تاوەکو بتوانن خزمەتی ڕاستەقینە بە خانمان بکەن. دیارە دەقی باش ، ئیتر خانمێک یان پیاوێک بینووسێت، خۆی خۆی لە گۆڕەپانەکدا دەسەپێنێت، نەک پشتگیری کردنی کوێرانە لێی. .

ڕزگار گوڵەباخ
بەرلین 17.05.2007